# "ژیانی هاوسەریی بەخۆشەویستی لەناو دەچێت"



**ڕێپۆرتاژی: کوێستان ڕەسول**

هەرچەندە کۆمەڵگا بەرەو کرانەوەی زیاتر دەچێ و کچان وکوران لە زۆر بۆنەو شوێن دەتوانن یەکتر ببینن و بەیەکتر بگەن ویەکتر بناسن، لەگەڵ ئەمەشدا لەلای زۆر لە گەنجان هاوسەرگیری پابەندبوو بە دابونەریتی کۆن گونجاوترو راستگۆیترە، لەو هاوسەرگیریەی لە ڕێگای خۆشەویستی ودڵ بەیەکدان ئەنجام دەدرێ، بەپێی هەندێ لێکۆلینەوە دەرکەوتووە هاوسەرگیری ڕێکەوت و دابونەریت ڕێگایەکی کورت و زامنکراوە بۆ بەیەکگەیشتن، لە بەرامبەردا هاوسەرگیری خۆشەویستی ئەنجامەکەی تێکشکان و دۆڕانە، لە سەر ئەم بابەتە گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانیمان لە گەڵ چەند گەنجێك لە کور و کچان ئەنجامداوە، مەرجی سەرەکی ئەوان تەنها بلاونەکردنەوەی ناوەکانیان بوو.

( راژان سەلیم ) کچێکە ئێستا لە حاڵەتی خۆشەویستی کردن دایە، دەڵێت هاوسەرگیری دل سەرکەوتووترە، پێیوایە

کەسێك کە بە ئارەزووی دڵ هەڵیبژێری باوکێکی باشیش دەبێت بۆ منداڵەکان ودەشتوانی بەسەر ئەو کۆسپوتەگەرانە زاڵبێ کە دێنە ڕێگای، چونکە خۆشەویستی زامنی ژیانێکی ئاسوودەیە.

کورێك بەناوی ( علی مەحەمەد ) وەك گەنجێك دەڵێت: ژیانی هاوسەری دابونەریت بیرۆکەیەکی کۆنەپارێزی و تێکشکاوە خێزانێکی سەرکەوتوو دروست ناکات، ئەو کە پێشتر کچێکی

بەرێگای دابونەریت خواستووە دەرئەنجامەکەی لە یەکترتێنەگەیشتن و جیابوونەوە بووە، (عەلی)داوا لە هەموو گەنجێك دەکات بەخواستی خۆیان و بە ڕێگای خۆشەویستی هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن چونکە سەرکەوتوودەبن .

( سۆما ) کچێکی ترە دەڵێت: ژیانی هاوسەری خۆشییێکە خوا بەمرۆڤی بەخشیووە ، پێویستە لەو کارەدا رەچاوی تەمەن بکرێت و ماوەیەکی دیارکراو بۆ یەکترناسین هەبێت ، بە باوەری سۆما هاوسەری بەرێگای خۆشەویستی وەك کەرستەی جوانکاری وایە، کەموکوریەکان بۆ ماوەیێك دەشارێتەوە ، کە مەکیاجەکەش کۆنبوو ئەوجا عەیب و عارەکان بەدیار دەکەون ، دواجار (سۆما) وایدەبینێ ڕێکەوت و پابەندبوون بە پێگەی کۆمەلایەتی و دەرنەچوون لە

**ئاساییە کچێك هەڵبژێرم جوانیش نەبێت گرنگ ئەوەیە لە یەکتر بگەین**





قسەی کەسوکار خێزانێکی ئاسوودەت پێدەبەخشێ.

( ڕێکار دڵشـــاد ) کورە گەنجێکی ترە دەڵێت: ســـەرکەوتووی هاوســـەری وەســـتاوە لە ســـەر ژن و مێرد، ئەوەش بەوە دەبێت کە ڕێـــزی یەکتری بگرن و هەمیشـــە ڕێگـــەی عەقڵانە بگرنە بەر بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکان، بەلایانـــەوە گرنگ نەبێت خەڵکـــی چۆن دەژین، ئەوە گرنگبێت لایان ئەوان چۆن دەتوانن بـــە بەختەوەری بژین و زیان بە خەڵکانیتر نەگەیێنن.

( لەنیا سەردار) کچە گەنجێکی ترە بە بڕوای ئەو هاوســـەرگیری نەبەخۆشەویستی و نە بەرێگای دابونەریت بەتەنها ســـەرکەوتوو بەردەوام نابێت، واباشە هەر دوو مەرجەکە تەواوکەری یەکتریبن.



دیارکردنـــی هاوبەشـــی ژیـــان بەراوبۆچوونـــی( کامیـــار ئیسماعیل ) خاڵێکی زۆر گرنگە، ئەویش پێویستە بەخۆشەویستی بێـــت، بۆیـــە دەڵێـــت جوانترین کچـــم بـــۆ دەستنیشـــان بکەن با لـــە باشـــترین بنەماڵـــەش بێت قبـــوڵی ناکـــەم، چونکـــە نابێتە خۆشەویســـتم، بۆیـــە ئاســـاییە کچێـــك هەڵبژیرم بـــا جوانیش نەبێت گرنـــگ ئەوەیە لە یەکتر بگەین.

( کاژین ) دەڵێت هاوسەرگیری ڕێکەوتە(قسمە) بەرای ئەو هیچ پێوەرێکی زانستی نیە ئەوە بسەلمینێ کە بە ڕێژەی لەسەدا سەد کامە شێوەیان سەرکەوتووە، زۆر کەس هەیە بەخۆشەویستیش ژنی هێناوە دواتر جودابوونەتەوە، هەیانە کیژێکی دۆزیوەتەوە کە پێشتر نیبنیوە کەچی لە ژیاتێکی خۆشدان.

( دونیا نەزاد ) هاوسەری بەرێگای دابونەریت بەسەرکەوتوو تر دادەنێت لە هاوســـەری خۆشەویســـتی، بەبیروبۆچوونی ئەو خۆشەویستی راســـتەقینە دوای بەهاوسەر بوون دێت، پێیوایە ماوەی دەســـتگیرانی هۆیەکە بۆ یەکترناســـین و لەیەکگەیشتن، چونکـــە زۆر لـــە کـــوران باوەریـــان بـــەو کچانـــە نامێنـــێ کە خۆشەویســـتیان لەگەڵکـــردون، تەنها ئـــارەزووی خۆیان پێتێر دەکەن.

بەلای( ســـرهد عەلی )یەوە ئەوە گرنگە کچێکی دەستکەوێ و ببێتە خێزانی، چونکە ئەو لە تەمەندا هەڵکشاوەو هەوسەرگیری بـــۆ ئەو بە زەحمەت کەوتووە، وەك خۆی گووتەنی شـــەرمیش ڕێگربووە کە نەیتوانیووەقسەی دڵی خۆی بۆ کچان بکات.

( ئاری نوری ) هاوســـەری دابونەریت بە شیاوتر دادەنێت لە بەر چەنـــد هۆییێك: یەکەمیان پیاوان دەتوانن پێداویســـتی بۆ ژنەکانیـــان دابی بکـــەن. دووەمیان: ئایین پیـــاوان بە بەهێزتر دەزانێ ئەولەویەتی پیاو شیاوترە بۆ بۆبەریوەبردنی خێزان.

بەپێی توێژینەوەی کۆمەلایەتی کورو کچ خاوەن پرۆژەکەن، سەرکەوتوون وشکەست لە دەست ئەوانە، بەلام زۆرجار هۆکارە ئابـــووری وکۆمەلایەتیەکان رۆڵی بەرچاویان دەبێت لەشـــێوەی هەڵکـــردن و بەیەکەوەگونجـــان، ئەوەنـــدە ماوە ئـــەو ڕێپوتاژە قسەی زیاتر هەڵدەگرێ.